# لەوحەكەی سامەڕڕا*

*وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە*

## پێشەكیی وەرگێڕان



باسەكەی فڕانسوا تورۆ–دانجان، لەوحەكەی سامەڕڕا، ساڵی ١٩١٢ بڵاوبۆتەوە، وەكو نەریتێكی خۆشم، لێكۆڵینەوەیەكی وا كە تایبەتە بە پسپۆڕان بەتەواوەتی وەرناگێڕم لەبەرئەوەی هەندێك (ڕەنگە زۆریش) لە زانیارییەكان سوودێكی وایان نییە بۆ خوێنەری ئاسایی، بگرە پڕبوونی بابەتەكە بە زانیاریی وا دەبێتە مایەی بێزاربوونی ئەو خوێنەرە و لەمەوە خوێنەر بابەتەكە دەخاتە ئەو لاوەو سوودی لێ نابینێت. ئەمە بۆ بابەتە وەرگێڕدراوەكانی پێشووم، بۆ ئەمەشیان بە پێچەوانەی ئەو نەریتە باسەكەی تورۆ–دانجانم وەكو خۆی وەرگێڕاوە.

بێگومان جگە لە پەراوێزەكانی نووسەر وەرگێڕانەكەش پێویستی بە ڕوونكردنەوەیە، هەندێك لەم ڕوونكردنەوانەم لە ناواخنی بابەتەكەدا داناوە، ئەوانەی تریش لە پەراوێزەكاندا، پەراوێزەكانی نووسەر ژمارەی ئاساییان دراوەتێ و ئەوانەی وەرگێڕانەكە ژمارەی سەربەخۆ و جیاوازیان هەیەو پیتی (و) واتە وەرگێڕ لەپاڵیاندا نووسراوە. بۆ ناوو مێژووی ئوركیش و ناوارو ئاریسێن بڕوانە بابەتی (ئوركێش) لەم كتێبەدا.

### لەوحەكەی سامەڕڕا

### فرانسوا تورۆ-دا نجان

### پلێتی I (١/و) *

ئەو لەوحە بڕۆنزییە[١] ، كە لەسەر ئەو پلێتەی لەگەڵ ئەم باسەدا هەیە وێنەی كراوە، بەپێی ئیفادەی كڕیارەكەی لە سامەڕڕای سەر دیجلە هاتووە، كە لەوێدا زۆر تازەكی لەلایەن گەشتیارێك بەدەست كەوتووە، گەشتیارێك بوو لە بەغداوە بۆ مووسڵ دەچوو.

ئەگەر ئەم شایەتییە ڕاست بێت ئەمە دەبێتە یەكەم بەڵگەنامەی مێخی كە لەو شارەی هێندە بە شوێنەوارە وێرانە عەرەبییەكانی ناودارە دەست بكەوێت.

نووسینەكە بە قووڵی لەسەر كانەكە هەڵكەندراوە ئەویش بە هێمای كۆنی جوان كە لەوە دەچێت بگەڕێنەوە بۆ سەردەمێكی ناوەڕاستی نێوان سەردەمی ئەكەدی و سەردەمی ئور[٢/و] كە هەروەها ژمارەیەك تایبەتمەندی دەخەنە ڕوو كەوا دیارە ( واتە ئەو تایبەتمەندییانە) بێگانە بن بە نووسینی وڵاتی بابل خۆی. شێوازی نووسینە سامییەكەی لەوحەكە ئەوە روون دەكاتەوە كە لە ناوچەیەكەوە هاتووە كاریگەریی ئەكەدیی لەسەر بووە. تەنها ڕووی لەوحەكە و یەكێك لەدوو لاتەنیشتەكانی نووسینیان لەسەرە[٢].

---

* گۆڤاری هەزارمێرد ژمارە ، ١٨ ، زستانی٢٠٠٢ ، ل ٩٨-١٠٤ .

* Fr. Thureau-Dangin, Tablette de Samarra, RA, 9, no.1, 1912,pp.1-4.

| هێما گۆڕین | وەرگێڕان |
| --- | --- |
| ${}^{d}$Nergal | بۆ نێرگال(٣/و) |
| šar | پادشای) |
| (٤/و)Ha-wi-lim KI | خاویلوم |
| A-ri-si-en | ئاری- سێن |
| ri(3/1) âlim íp-šum | شوانی شار(٥/و) |
| šar | پادشای) |
| Ur-kiš ki | ئورکیش |
| ù Na-wa-ar KI | و ناوار |
| mâr Sá(1/2)-dar-ma-at | کوڕی سادارمات(ی) |
| šarrim | پادشا |
| báni bît | دروستکەری پەرستگای |
| ${}^{d}$ Nergal | نێرگال |
| nîr(2/2) ša-nin-ú-tim | (ئەو خواوەندەی) نەیاران لەناو دەبات |
| sú tuppam | هەر کەس |
| šu-a-ti | ئەم لەوحە(٦) |
| ú-sá-zu-ku | بشکێنێت(٢/٣) |
| ${}^{d}$Šamaš | با شاماش |
| ù ${}^{d}$ Innana | و ئیننانا ( *ناوە سومەرییەکەی ئیشتار/ ف.ق* |
| šum-šu | ناوەکەی |
| li-íl-gu-ta | لابەرێت ! |

*لەسەر لاتەنیشتی ڕاستی لەوحەکە ئەمە دەخوێنرێتەوە:*

(٢/٤)sá-um-si-en bânûm سائوم – سێن دروستکەر

*کە ئەمە ئیمزای دروستکەری لەوحەکەیە*

کەواتە ئەم لەوحە لە بناغەی پەرستگەیەکی نێرگالدا دانرابوو، ئەو پەرستگەیەی لەشارێکدا بەناوی خاویلوم **Hawilum** بەرز دەبووەوەو ئاری سێن **Ari-sen** ((پادشای ئورکیش و ناوار )) بنیاتنەری بوو.

هەردوو ناوی ئورکیش و ناوار جارێکی تر لەسەردەمی (ئور)دا، لەسەر چەند لەوحێکی (درێهم)(٧/و) کە لەم دواییەدا لەلایەن جێنوییاك **Genouillac** ەوە بڵاوکراونەتەوە دەردەکەونەوە: یەکێك لەم لەوحانە (٢/٥) باس لەقوربانییەك دەکات کە لەلایەن *((ئاننـاری* ***An-na-ri*** *هوە، پیاوی (٨/و) ئورکیش پێشکەش کرابوو ئەو ڕۆژەی لە ئورکیش گەیشت))*، ئەوەی تر(٢/٦) قوربانییەك لەلایەن *((ناوارشێنی* ***Na-wa-ar-še-ni*** *کامنی نینخارساگ(٩/و) و پیاوی(١٠/و) نامار))* کاتی گەیشتنی لە ناوارەوە پێشکەش کرابوو.

ناوار **Nawar** بەشێوەی نامار **Namar** هەروەها لەبەڵگەنامەی ئیعفاکردن ناوهێنراوە کە لە لایەن نەبوخەدنەسەری یەکەمەوە دەرچووبوو. بەپێی ئەم بەڵگەنامەیەی کە دراوە بە ڕیتتی –ماردوك(١١/و) ، سەرۆکی خێڵی بیت – کارزیابکو-**Bît**

Karziabku نەبوخەدنەسەر گوندەکانی ئەو خێڵە لە وڵاتی نامار جیادەکاتەوە. تێبینی ئەوە بکە لەنێوان خواوەندەکانی نامار، کە لەم دەقەدا ناویان هاتووە، ناوی نێرگال خۆی هاتووە[٢/٧].

لەوحەکەی سامەڕا دەمانکێشێت بۆ گەڕان بەدوای شوێنی وڵاتی نامارو ئورکیش لەقەراغی دەستە چەپی *(واتە: لای ڕۆژهەڵاتی/ وەرگێڕ)* دیجلە، نێوان زێی خوارووو و دیالە ( = *سیروان / وەرگێڕ* ) ئەم دەستنیشانکردنە نارێك نییە بە زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەکەی نەبوخەدنەسەر. بەپێی ئەم بەڵگەنامەیە، فەرمانڕەواکانی نامار لە کاتی نەبوخەدنەسەری یەکەمدا سەر بەخێڵی بیت –خاببان **Bît-Habban**[٣/١] بوون.

بەم پێیە ئەم خێڵە ئەو کاتە لەبەشی باکووری وڵاتی بابلدا جێگیر ببوو. بەپێی بەردەکەی میشۆ **Michaux**[١٢/و] زەوییەکی سەر بەخێڵی بیت–خاببان دراوسێ بوو بە ناوچەی شاری خودادا **Hudada** (ستوونی ٦/١)و بەپێی بەردی سنوور (کودورروو) **Kudurru**ی نازی ماروتتاش **Nazi-Maruttaš**[٣/٢] (=*پادشایەکی کاششییە/ وەرگێڕ*)(ستوونی ٢، دێڕی ١–٤)، گوندێکی سەر بەخودادا [٣/٣] لەسەر نار شارری **nâr šarri** (=*ڕوباری پادشا/ وەرگێڕ*) دا بوو کە جۆگەیەك بوو دیجلەو فورات لەنێوان ئۆپیس**Opis** [١٣/و] و ئەکەددا بەیەکەوە دەبەست [٣/٤] .

نووسراوە ئاشوورییەکان وڵاتێك بەناوی نامری **Namri** ناودەهێنن کە بەشێوەیەکی گشتی بە نامار دەستنیشان کراوە. دانانی نامار لەسەر دیجلە بەزەحمەت دەتوانرێت بگونجێنرێت لەگەڵ ئەم دەستنیشانکردنە چونکە نامری بە تەئکیدی ناوچەیەکی شاخاوی دراوسێی میدیا دەگرێتەوە (بڕوانە دلیتش،کاششییەکان، ل٣٠،٣١ و شترێك لەگۆڤاری **ZA** بەرگی ١٥، ل٣٠٣ بەدواوە **Delitzsch , Kossäer, pp.30et 31,et Streck, ZA, XV, pp.303et suiv**

نامری وەکو نامار بەوردی لەگەڵ (بیت– خاببان)ێکدا پەیوەستکراوە[٣/٥]. شەلمانەصەر[٣/٦] (=*شەلمانەصەری سێیەم ٨٥٨–٨٢٤/ وەرگێڕ*) مار خانبان **mâr Hanban** یێك (*پیتاوپیت = کوڕی خانبان/ وەرگێڕ*) واتە کەسێکی خێڵی بیت –خاببان، وەك پادشای نامری دانا، تیگلات پلاصەری بچووك[٣/٧] [١٤/و] و سارگۆن[٣/٨] ناوی بیت –خامبان **Bît-Hamban** نزیك نامری دەهێنن.

ئەگەر بیت خاببان **Bît-Habban** (خامبان، خانبان)ی نووسراوە ئاشوورییەکان هەر (بیت خاببان)ی بەڵگە نامەکەی نەبوخەدنەسەرو هی بەردەکەی میشۆ بێت پێویستە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە تەنها بەشێکی ئەو خێڵە لە بەشی باکووری وڵاتی بابلدا جێگیر بووبێت.

بە هۆی داگیرکردنی کاششییەوە دەتوانرێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە چۆن لەسەردەمی بنەماڵەی چوارەمدا [١٥/و] کۆمەڵانێکی سەر بەخێڵێك لە دەشتی وڵاتی بابلدا هەبوون لەکاتێکدا خێڵەکە خۆی دوورتر لەمە واتە لە ڕۆژهەڵاتدا لەناو کێوەکانی زاگرۆسدا جێگیر ببوو.

ناوی پادشای ئورکیش و ناوار بابلی نییە. دەکرێت ئەو دوو بڕگەیەی ناوەکە پێك دەهێنن بەهۆی زمانی میتاننییەوە[١٦/و] (خورری– بڕوانە پەراوێزەکە/ وەرگێڕ) لێیان تێ بگەین. ئاری **Ari**(( واتە: دای)) لەناوە میتاننییەکاندا زۆر دووبارە دەبێتەوە[٣/٩] .

سەبارەت بە بڕگەی دووەم **si-en** (**sen**) [٣/١٠] شێننی **še-en-ni** (شێنی **šeni**) (=برا)مان دەخاتەوە یاد، زاراوەیەك کە بەهەمان شێوە ناوی کەسان لە زمانی میتانیدا نموونەی زۆرمان لەبارەیەوە پێشکەش دەکەن [٤/١] . سێن **sen** بۆ شێن **šen** بەرامبەری سو **sú**(دێڕی ١٤) – واتە دێڕی ١٤ی لەوحەکەی سامەڕا /وەرگێڕ– بۆ شو(یان شا) **šu (ša)** و **ú–sa-za-ku** (دێڕی ١٦) بۆ **ušassaku** [١٧/و] .

ئێمە لەسەرەوەدا ناوی پیاوێکی ئورکیش و پیاوێکی ناوارمان هێنا ئەویش بەپێی لەوحەکانی (درێهم): یەکەمیان (کە ئاننناری **An-na-ri** بوو) بڕگەی **ari** ی تێدایە و دووەمیان (کە ناوارشین **Na-wa-ar- še-en** بوو) بڕگەی شێن **še-en** (**šen**) ی تێدایە کە شێوازێکی تری سی – ئێن (سێن) **si-en** (**sen**) ـە.

لەوحەکانی درێهم جگە لەوە ناوی تر دەدەن کە دەکرێت لەناو کۆمەڵەی میتاننیدا پۆلێن بکرێن. من لەناو ناوە هەرە دیارەکان ئەم ناوانە دەهێنمەوە [٤/٢][١٨/و] ئاریدوبوك **A-ri-du-bu-uk**ی شاشرو **Šašru** (**A055500**روو **II**، ١)، دونگی

ئاری dDun-gi-a-ri ی گوماراشی Gumarasi (AO5500 روو، II، ٥)، خا-شی-ئیب[٤/٣] -ئا-ری[٤/٤] Ha-ši-íb-a-ri (AO5488 روو، ٢) نانیباری[٤/٥] Na-ni-ba-ri (AO5500 پشتەوە I، ١٩) ناگداماری[٤/٥] na-Ag-da-ma-riی ماردامان Mardaman (AO5500، پشتەوە، I،١) داخیش ئاری Da-hi-iš-a-ri (AO5607 پشتەوە، ١) داخیششێن Da-hi-iš-še-en ی شێتیرشا Šetirša (AO5515 پشتەوە،١) کیریبلومێ[٤/٦] Ki-rí-bu-ul-me ی سیمورو Simuru (AO5500، پشتەوە،I، ٩) .. تاد.

سیمورو دراوسێی لولوبو Lulubu بوو، کەواتە لەناوچەی زاگرۆسدا بوو (بەراورد بکە: Rev. d'Ass. ,V,p.72) [١٩و]:
رەنگە دەبێت لەهەمان ئەو لایەدا بۆ شوێنی شاشرو وگوماراشی و ماردامان و شێتیرشا بگەڕێین[٤/٧].

کەواتە لەوحەکەی سامەڕرا و لەوحەکانی درێهم یەك دەگرنەوە بۆ تەئکید کردنی ئەوەی کە خەڵکانێك لە رۆژهەڵاتی دیجلەدا دەوروبەری ناوڕاستی هەزارەی سێیەمدا هەبوون کە پێ دەچێت سەر بە میتاننییەکان بووبن: ئەمە هێندە چاوەڕێ نەکراوە و سەرنج راکێشە کە شایەنی ئاوڕلێدانەوەیە [٤/٨][٢٠و].

## پەراوێزەکانی نووسەر

*تێبینی: هەرلاپەڕەیەك ژمارەی پەراوێزی خۆی هەیە، ئێمەش بۆ جیاکردنەوەی بەپاڵ ژمارەی پەراوێز ژمارەی لاپەڕەکەشمان نووسی. بەم جۆرە ژمارەی یەکەم هی پەراوێزە و ئەوەی تر هی لاپەڕەکەیە/ وەرگێڕ.*

١/١-یان راستتر، لەمس دروستکراوە لەبەرئەوەی برۆنزی دروستکراو لە قەسدیر لەکاتی ئەو لەوحە نەزانرا بوو.ئەمە بەراورد بکە : Heuzey, Catalogue des antiquités chaldéennes,p.241.

١/٢- ئەم لەوحە کەوتۆتە دەستی مۆزەخانەی لوڤرو ژمارە AO5678ی پێ دراوە.

١/٣-íp-šum هەمان واتای وەك ippišum ی هەیە؟ وەرگێڕانی ئەم دێڕە بەگریمانە کراوە.

١/ ٢-بۆ ئەم خوێندنەوەیە دێڕی ١٦ بەراورد بکە.

٢/ ٢-خوێندنەوەیەکی گریمانەییە بۆ هێمایەك کە لە GAZ+ NIR پێکهاتووە. نموونەیەکی دیکەی ئەم هێما ئاوێتە کراوەمان نییە. رەنگە هێمای NIR بۆ ئەوە بێت کە خوێندنەوە فۆنەتیکییەکەی ئایدیۆگرامی GAZ بێت.

٣/ ٢-بۆ ئەو واتایە .Rev.d'Ass بەرگی ٨ ل١٤٠، تێبینی ٥ بەراورد بکە.

٢/٤-تێبینی ژمارە (٢/١)ی سەرەوە بەراورد بکە.

5/2-AO5565 ( Tablettes de Dréhem, pl.XXXIX)
6/2-Trouvaille de Dréhem Pl.XIX, no.83

٢/٧-ستوونی ٢، دێڕی ٤٨.

٣/١- ستوونی ٢، دێرەکانی ٢٣ و ٢٧/ ٢٨ بەراورد بکە.

٣/٢- Scheil,Textes élam.-sémit.,I، ل ٨٦ بەدواوە.

٣/٣- خو-دا-دی Hu-da-di (بەم شێوەیە نووسراوە).

٣/٤- ئەمانە بەراورد بکە:

Hommel, Grundriss, p.284 , Hinke, A New Boundry Stone of Nebuchadrezzar,I, p.158.

٣/٥-هەروا تێبینیی ئەوە بکە لەلایەك لە بەڵگەنامەی ئیعفاکەی نەبوخەدنەسەر فەرمانڕەوای وڵاتی خالمان Hal-man وەکو شایەت لەگەڵ فەرمانڕەوای نامار ناوهێنراە ( II، ٢٢،٢٣) و لەلایەکی ترەوە شەلمانەصەر *(ی سێیەم /وەرگێڕ)* لە (پالو)* ی سییەکەمیو پاش وێرانکردنی نامری لەرێگەی دەربەندەکانی سیمێسی Simesi یەوە دابەزی ((بەرە وڵاتی خالمان Hal-ma-an)) – Obélisque*(بەردی رەشی شەلمانەصەر/ وەرگێڕ)* دێڕی ١٩٠.

*(*) پالو: ساڵی فەرمانڕەوایی، هەر ساڵێك بەناوی فەرمانبەرێکی ئاشوورییەوە ناوی دەنراو بەهەر ساڵێك دەوترا پالوی فلانە کەس /وەرگێڕ.*

٣/٦- Obélisque دێری ٩٥.

٣/٧- Tablette روو، دێرەکانی ٢٩، ٣٤.

(mât Nam-ri mât Bît-sa-an-gi-bu-ti mât Bît-ha-am-ban)

(وڵاتی نامری (و) وڵاتی بیت سانیگبوتی (و)وڵاتی بیت خامبان /وەرگێڕ).

٣/٨- cylindre (نووسینی لوولەکی سارگۆنی دووەمی ئاشوری(٧٢١-٧٠٥پ.ن)/وەرگێڕ)دێڕ١٤.-mâtEl mâtNam-ri

li-bi mâtBît-ha-am-ban (یاخود ئێلليپیEllipi،/وەرگێڕ).

٣/٩-ئەمانە بەراورد بکە

**Bork,OLZ,1906,p.589,Ungnad,BA,VI,5,p.16, Luckenbill, AJSL,XXVI,pp.97/98**

٣/١٠-ئەم توخمە جارێکی تر لەناوی دروستکەری لەوحەکە سائومسێن Sá-um-si-en دا دەردەکەوێتەوە.

٤/١-ئەمانە بەراورد بکە: Clay,BE,XV,p.25 تێبینیی ژمارە ٤ (هەروەها)

**Bork,OLZ,1906,p.588,Ungnad,BA,VI,5,Luckenbill,AJSL,XXVI,p.98.**

ناوی گوایە میتاننی بەڵام میتاننی نییە شێناتیلا še-na-til-la کەلایەن ئونگناتەوە (سەرچاوەی پێشوو) هێنراوەتەوە لەڕاستیدا ناوێکی بابلییە، (ئەویش) شێنابێلاشو Še-na-be-la-šu : Lettres et contrats لاپەڕە ٦١ بەراورد بکە.

٤/٢-بەپێی لەوحەکەی لوڤر، لەو بڵاوکراوەیەی جێنوییاك کە پێشتر هێنابوومانەوە.

٤/٣-وەك (بۆرك) پێی ڕاگەیاندم، ب b ی کۆتایی وشە تایبەتەمەندییەکی زمانی میتاننییە. ئەو ناوانە بەراورد بکە لە لایەن ئونگنادەوە هێنراونەتەوە.BA,VI لاپەڕە ١٤و١٥ . هەروەها ئاگابتاخا A-gab-ta-ha تەنیشت ئاگاتاخا A-ga-ta-ha (Bork,OLZ, 1906,p.588)، . ئاخلیپ ساڕری Ah-li-íp-sar-ri لەگەڵ ئاخلی Ah-li (Winckler,MVAG, 1896,4,p.18) BE,XV,no.198 دێڕی ٦٣) ، ئاخلییا -Ah-li ia(VS,I,no.107 دێڕی ٣) هەروەها (BE,XV,no.200,IV,32) و ئاخلی تێشوب Ah-li-Te-šup (CT,II,21 دێڕی ٢١و ٣٢).

٤/٤- هەروەها نووسراوە ha-ši-ba-ri:

**Geuouillac, Trouvaille de Dréhem,p.6**

٤/٥- Nagdam-ari و Nanib-ari دەخوێنرێتەوە.

٤/٦-بەراورد بکە بۆ نموونە ساپالولومێ Sa-pa-lu-ul-me ی پاتین Patin (Salm.Monolithe,I,42) بۆ پاشگری me لەناوە میتاننییەکاندا Bork,OLZ,1906,p.590 بەراورد بکە.

٤/٧- پێ دەچێت هەموو ئەو وڵاتانەی لە لەوحی AO5500 دا ناویان هاتووە لەڕۆژهەڵاتی دیجلەدا بووبن، تیکیتیخوم Tikitihum (ستوونی I ، دێڕی ١٦) وڵاتی کابرایەك بوو بەناوی گاداگاش Gadagaš و نیبیبوم Nibibum (ستوونی I دێڕی ٢١) وڵاتی کابرایەك بوو بەناوی ئینداداگاش Indadagaš بێگومان سەر بەناوچەیەکی دراوسێی ئێلامن. شاریتخوم Šarithum(ستوونی II، دێڕی ٣) بەشێوەی شوروتخوم Šuruthum لەلەوحی تردا لەگەڵ شاشرودا پەیوەستکراوە [AO5545 دێڕی ٤ بەراورد بکە ((تالانێی شاشرو و شوروتخوم)) Trouvaille,no.2 پشتەوە ٦ هەروەها ل١٨ ((بەزاندنی شاشرو وشوروتخوم)) ]. بەراوردی تیکیتیخوم و شارتیخوم وشوروتخوم لەگەڵ کوریخوم Kurihum کە پەیوەستکراوە بە ئانشان Anšan لە جێماوی شێوە خاچدا ((پادشای ئانشان و کوریخوم)) بۆ ئەمە Rev. d'Ass, VII, p.183 بەراورد بکە.

٤/٨- هەبوونی دانیشتوانی میتاننی لەرۆژهەڵاتی دیجلەدا هەروەها تەئکید دەبێت، لەسەردەمێکی زۆر نوێتردا، بەهۆی عەقدەکانی کەرکووك ( تەماشای تێبینیی ئونگنات لە VS,I,p.XI بکە). هەروەها تێبینیی ئەوە بکە دوو پادشا هەرە کۆنەکەی ئاشوور کە دەیانناسین، ناوی میتاننییان هەڵگرتووە (Ungnad,BA,VI,5,p.13 بەراورد بکە).

# پەراوێزەکانی وەرگێڕ

١/و-وشەی (پلێت) لێرەدا ئەو کاغەزە جیایەیە کە وێنەی لەسەرە، واتە پلێتی یەکەم ئەو کاغەزەیە کە وێنەی لەوحەکەی سامەڕڕای تێدایە و من بەدەستم نەگەشتبوو بەڵام وێنەی دەقەکەم دواتر لە بابەتێکی ڤیلهێلم دەستکەوت کە لە خوارەوەدا ناوی براوە. لێرەدا وشەی ئینگلیزی (پلەیت)م بۆ وشە فەرەنسییەکەی پلانش Planche بەکارهێناوە.

٢/و-سەردەمی ئەکەدی (بەشێکی سەدەی ٢٣پ.ز تا ناوەڕاستی سەدەی ٢٢پ.ز ) و سەردەمی ئور، کە بەزنجیرە یان بنەماڵەی سێیەمی ئور ناسراوە (٢١١٢-٢٠٠٤پ.ز ). یەکەمیان ئەکەدییەو دووەمیان سومەرییە.

٣/و-نێرگال خوداوەندێکی سومەرییە، پیتی d کورتکراوەی DINGIRی سومەرییە (ilum بەئەکەدی) و نیشانکەرەوەی خواوەندە. ناوی خوداوەندەکە جگە لە نیشانکەرەوەی خوداوەندێتی بە سێ هێما نووسراوە کە لای ت-دانجان و کەسانی تر بە نێرگال خوێنراوەتەوە . ڤیلهێلم بە نێریگال دەیخوێنێتەوە.

ڤیلهێلم لە هێماگۆڕینەکەیدا زۆرتر لۆگۆگرامی سومەریی نووسیوە(لۆگۆگرام ئەو هێمایەیە کە وشەیەك پێك دەهێنێت) ؛ بۆ نموونە LUGAL (پادشا) کە ت-دانجان یەکسەر بەرامبەرە ئەکەدییەکەی نووسیوە واتە شار šar (یان شارریم ئەویش بەپێی شوێنی وشەکە کە ڕەچاوی ڕێزمانی ئەکەدی کراوە). هێماگۆڕینەکەی ڤیلهێلمیشم لێرەدا نەنووسییەوە، بەر لە هەموو شتێك لەبەر ئەوەی ئەرکێکی ترە چونکە هەم خۆی و هەم تێبینییە پێویستەکان لەبارەی هێماگۆڕینەکە ئەرکێکی تریان دەوێت. سەبارەت بە تێبینیی تر لەسەر وەرگێڕانەکە بڕوانە بابەتی (ئورکیش) لەم کتێبەماندا. هێماگۆڕین و وەرگێڕانەکەی ڤیلهێلم لەم سەرچاوەیەدایە:

**G.Wilhelm, Gedanken zur Frühgeschichte der Hurriter und zum hurritisch-urartäischen Sprachvergleich,in; Xenia 21, Hurriter und Hurritisch, 1988, S.43ff.**

٤/و-خاویلوم حاڵەتی ئیزافەیەو بۆتە خاویلیم، ki نیشانەی وڵاتە.

٥/و-تورۆ-دانجان ئەم دێرە وەرگێڕدراوەی بە لاری نووسیوەو لێرەدا نیشانەی گومانە بڕوانە پەراوێزی نووسەر ژمارە ١/٣.

٦/و- لەم دوو دێرەدا وەرگێڕانەکە پێش و پاش کەوتووە لەگەڵ هێما گۆڕینەکە.

٧/و-درێهم: وێرانەی شاری (پوزریش داگان) لەباشووری نیپپوردا، واتە باشووری عیراق. لەو شارەدا دەقی سومەریی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور دۆزرابوونەوە.

٨/و-دەقە فەرەنسییەکە وشەی citoyen=هاووڵاتی ، پیاو دەگرێتەوە، لەو کلێشانەش وشەی LÚ ی سومەری بەکاردێت کە واتای (پیاو) دەدات، واتە، پیاوی ئورکیش و لە هەندێك بەکارهێناندا واتای (پادشا)ی هەیە. ئەوەی نێوان دووجووتە کەوانەکە ((ئاننارى ...... گەیشت)) بریتییە لە دەقی تەواوی نووسینەکەیە.

٩/و- نینخورساگ خوێندنەوەی نوێیەتی.

١٠/و- بڕوانە سەرەوە پەراوێزی ٨/و.

١١/و-نەبوخەدنەسەری پادشای بابلی بەسەر ئێلامییەکاندا سەرکەوتبوو و ڕیتتی – مەردوك کە لەوانەیە سەرکردەیەکی ناو لەشکری ئێلامی بوو بێت دەوری هەبووە لەو سەرکەوتنە، پادشای بابلیش بەهۆی ئەمەوەو بەپێی بەڵگەنامەی ئیعفاکردن خەڵاتی کرد.

١٢/و-بەردەکەی میشۆ: بەردێکی سنووری زەویوزارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کاششیو بەناوی ئەندرێ میشۆ ناسراوە، ئەویش ئەو ڕووەکزانە بوو کە بەردەکەی بردبووە فەرەنسا .

١٣/و-ئۆپیس: شاری کۆنی بابلی ئۆپی Upi لەسەر دیجلە، دواتر لەسەدەی سێیەمی پ.ز و لەسەر وێرانەکەی یان نزیك بەو شاری (سلوقیە) بنیات نرا.

١٤/و- مەبەستی نووسەر لە (بچووك) یان (کوڕ) لام روون نییە، بەهەرحاڵ مەبەستی ئەو لە تیگلات پلاصەری سێیەمە (٧٤٤-٧٢٧) و دیارە بە (بچووك) لە تێگلات پلاصەری یەکەم جیای کردۆتەوە.

١٥/و-ئەو بنەماڵەیەی نەبوخەدنەسەری یەکەم بۆی دەگەڕێتەوە هەروەها بە بنەماڵەی دووەمی ئیسین دەناسرێت (١١٥٦-١٠٢٥پ.ز ) و لەپاش کاششییەکان فەرمانڕەوا بوو. دیارە مەبەستی نووسەر ئەوەیە حاڵەتی کاششییەکان، کە وڵاتی بابلیان داگیر کرد بەڵام وەکو گەل لە چیاکانی زاگرۆسدا مانەوە، حاڵەتی خێڵی بیت-خاببان (دوای سەردەمی کاششی) ڕوون دەکاتەوە کە بەشێکی لەوڵاتی بابلدا بوو لەکاتێکدا خێڵەکە خۆی لەچیاکانی زاگرۆسدا دەژیا.

١٦/و- تورۆ-دانجان لەم باسەدا باس تەنها لە میتاننی دەکات لەکاتێکدا ڕاست ئەوەیە باس لە خوررییەکان بکرێت. میتاننییەکانی کاتی نووسینی بابەتەکەی ناویان هەبووەو خوررییەکان نەناسرابوون.

ئاگاداربوون لە هەبوونی زمانی خورری لە نامەیەکی (توشراتتا)ی پادشای میتاننی کە لە (تل العمارنة)- پایتەختی ئەخناتون- دۆزرابووەوەو بۆ باوکی ئەخناتون؛ ئەمنحۆتبی سێیەم (١٤١٣-١٣٧٧ پ.ز) نێردرابوو. ئەم زمانە تازە نەناسراوە ناوی میتاننیی لێ نرا. ئەمە تا ماوەیەك مایەوە تا دواتر ناوی دروست بەو زمانە پێ درا ئەویش خورری، بڕوانە کورتەیەك لە HS, p.2f. بەهۆی دۆزینەوەی دەقی زۆری خورری شوێنەوارناسان شارەزای زمانەکە بوون و لەم ماوەیەی دواییدا شوێنەوارناسان بایەخێکی زۆریان بە خوررییەکان داوە.

خوررییەکان دانیشتوانی ئەو وڵاتە بوون کە میتاننییەکان لەنیوەی دووەمی هەزاری دووەمی پێش زاییندا حوکمیان دەکرد. واش باو بووە میتاننییەکان هیندۆئەورووپی زمان بوون ئەویش بەهۆی ناو پادشایانیان و ناوی هەندێك خوداوەند لەکاتێکدا خوررییەکان سەر بە کۆمەڵێکی زمانی جیاواز بوون هەرچەندە لەوە دەچێت ئەمە ڕاست نەبێت و هەموویان هەر خورری بوون و مەسەلەکە تەنها ناوخواستن بوو. واتە دەبێت باس لە زمانی خورریو بڕگەو وشەی خورری لەم بابەتە بکرێت. دەربارەی خوێندنەوەی بڕگە یاخود توخمی (ئاری) بە (ئاتال) بڕوانە باسەکەی (ئورکیش)مان.

١٧/و-بۆ ئەوەی زیاتر روون بێتەوە: ئاڵوگۆڕی دەنگی (س) و (ش) لەناوی ئاریسێن و ئاریشێنی هاوتەریبی هەیە لە لەوحەکەی سامەڕادا لەو بڕگانەی نووسەر هێناونی.

١٨/و-لەبارەی ئەم ناوانە:

ا-ژمارەکان بریتین لە ژمارەی لەوحەکان لەمۆزەخانەی لوڤەردا .

ب-شاشروŠašru یان شاشروم، شوشاررای کۆنە، شمشارەی ئێستایە.

ج-دونگی ئاری : دونگی ناوی پادشایەکی بنەماڵەی سێیەمی ئورە کە ئێستا ناوەکەی بە شولگی Šulgi دەخوێنرێتەوە (٢٠٩٤-٢٠٤٧پ.ز) نیشانکەرەوەی خوداوەندنیش پێش ناوی خراوە چونکە خۆی کردبووە خوداوەند. ئەو کەسانەی ناوی ئەو پادشایانەیان لەپێکهاتی ناوی تایبەتیی خۆیاندا بەکاردەهێنا ئەم نیشانکەرەوەیان دەخستە پێش ئەو بەشەی ناوی خۆیان کە بریتییە لە ناوی پادشای خۆبەخوداوەندزان. ئەگەر ئەو ڕایەش سەبارەت بە خوێندنەوەی a-RI بە a-tal (بڕوانە باسی ئورکیش لەم کتێبەدا) بەسەر ئەم ناوەدا بچەسپێنین پێویستە ناوەکە وا بخوێنرێتەوە: شولگی ئاتال. هەمان شتیش بۆ ناوەکانی تر کە ئەو توخمەیان تێدایە.

١٩/و-واتە گۆڤاری Revue d'Assyriologie ژمارە (٥) ل ٧٢.

٢٠/و-دوای باسەکەی تورۆ-دانجان بەدەیان ساڵ سەلمێنرا کە ڕۆژهەڵاتی دیجلە بەزۆری خوررینشین بوو، ئەو خوررییانەی تورۆ-دانجان دەڵێت سەر بەمیتاننییەکان بوون، بەڵکو لەوەش زیاتر دەرکەوتووە کە بەشێکی گەورەی کوردستان خوررینشین بوو. ئەمەش جگە لە ئەرمینیاو باکووری سووریا.بەڵام ئەو گەلانەی لەو بەشەی ڕۆژهەڵاتی دیجلەدا دەژیان وەك لوللو و گوتی و کاششی ... خورری نەبوون.